# سێ (جۆر لە خەڵکی) خوای گەورە قسەیان لەگەڵدا ناکات، وپاکیان ناکاتەوە، وسزایەکی سەختیان هەیە: بەتەمەنێکی زیناکەر، وهەژارێکی خۆبەگەورەزان، وپیاوێک (سوێند خواردن بە خودا) وەکو شتومەک بەکاربهێنێت: هیچ شتێک ناکڕێت یان نافرۆشێت بە بێ سوێند خواردن بە خودا

لە سەلمانی فارسیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «سێ (جۆر لە خەڵکی) خوای گەورە قسەیان لەگەڵدا ناکات، وپاکیان ناکاتەوە، وسزایەکی سەختیان هەیە (لە ڕۆژی قیامەتدا): بەتەمەنێکی زیناکەر، وهەژارێکی خۆبەگەورەزان، وپیاوێک (سوێند خواردن بە خودا) وەکو شتومەک بەکاربهێنێت: هیچ شتێک ناکڕێت یان نافرۆشێت بە بێ سوێند خواردن بە خودا».

[صەحیحە] [طەبەرانی گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی سێ جۆر لە تاوانباران دەکات لە خەڵکی، توند سزا دەدرێن؛ ئەمیش بەهۆی گەورەیی وقێزەوەنی تاوانەکانیان. ئەم جۆرە خەڵکانە کە ئەم تاوانانە ئەنجامدەدەن خوای گەورە قسەیان لەگەڵدا ناکات، وپاکیان ناکاتەوە، وسزایەکی سەختیان هەیە (لە ڕۆژی قیامەتدا): 1/ کەسێک پیر و بەتەمەن بێت وتاوانی زینا بکات، چونکە پاڵنەری تاوانەکە لە لای ئەو لاوازە؛ ئەمیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی پاڵنەری بۆ کردنی ئەم تاوانە سەرپێچیکردن وخۆشویستنی خراپەکاری وکاری قێزەوەنە، ئەگەرچیش زینا کردن کارێکی قێزەوەنە هەرکەسێک بیکات بەڵام لەم جۆرە کەسانەدا زیاتر قێزەوەنە. 2/ هەژارێک خۆبەگەورە بزانێت بەسەر خەڵیکدا، وهەرچەندە خۆبەگەورەزانین ڕەوشتێکی ناشیرینە لە هەموو کەسێکدا بەڵام هەژار؛ پارەی نییە بۆئەوەی وای لێبکات خۆی بە گەورە بزانێت، بۆیە خۆبەگەورەزانینی لەگەڵ نەبوونی هۆکار بۆ ئەم ڕەوشتە ناشیرینە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی خۆبەگەورەزانین سروشتی ئەم کەسەیە ولە ناخیدا هەیە. 3/ وپیاوێک (سوێند خواردن بە خودا) وەکو شتومەک بەکاربهێنێت، زۆر سوێند بە خودا دەخوات لە کاتی کڕین وفرۆشتندا، بۆیە بێڕێزی دەکات بەرامبەر ناوی مەزنی خوای گەورە، ودەیکات بە هۆکارێک بۆئەوەی پارەی پێ پەیدا بکات.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee